
رووداو
ئەدەب و کولتوور

# کتێبێکی نوێ لەبارەی داعش چاپ و بڵاودەکرێتەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

کتێبی "سەردەمی داعش" کە لەلایەن نووسەر و رۆژنامەڤان جەمال پیرە نووسراوە و لە تاران چاپکراوە، بڕیارە لە یەکەمین رۆژی کردنەوەی پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب لە رۆژی سێی ئەم مانگە، بڵاوبکرێتەوە.

جەمال پیرە لەبارەی کتێبەکەی بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند: "کتێبەکە لە کۆمەڵێک بەدواداچوونی رۆژنامەوانی تێروتەسەل پێکهاتووە، بەدواداچوونی بنکۆڵکاری، چاوپێکەوتن، هەواڵ و وتار و لێکدانەوەی جۆراوجۆری تایبەت بەو سەردەمەی کە داعش تێیدا دەرکەوت و رۆیشت، بەشێکی بەدواداچوونەکان خۆم ئامادەم کردوون و چەندین جار سەردانی بەرەکانی شەڕم کردووە و لەگەڵ خەڵکی لێقەوماو و کەسوکاری قوربانیان دانیشتووم. بەشێکی دیکەشیان لە رۆژنامە بیانییەکان وەرگیراون، لەبەرئەوەی راستەوخۆ پەیوەندییان بەو سەردەمەوە هەبووە، وەرمگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی. لە کۆی تەوەر و بابەتەکانی کتێبەکەدا بە وردی باسی مەینەتییەکانی خەڵک کراوە، هەوڵمداوە بۆچوونە داعشییەکانیشم دەستکەوێت، هەروەها بۆچوونی خەڵکی دیکە لەسەر ئەو رێکخراوە توندڕەوە".

کتێبەکە کە لە 391 لاپەڕە پێکهاتووە، بە تیراژی 1000 دانە لەسەر ئەرکی نووسەر خۆی چاپکراوە و رۆژی چوارشەممەی داهاتوو لە پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب، بڵاودەکرێتەوە.

# دەروازەیەک بۆ دراماتۆرگی شانۆ بڵاوکرایەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

کتێبی (دەروازەیەک بۆ دراماتۆرگی) کە کتێبێکی شانۆییە، بە هاوبەشی لەنێوان هەردوو نووسەر (داستان بەرزان و گۆران رەسول) بڵاوکرایەوە کە کتێبەکە هەوڵێکە لەپێناو ناساندن و نیشاندانی رەچەڵەک و سەرهەڵدان و گەشەسەندنی یەکێک لە رەگەزە گرنگەکانی شانۆی مۆدێرن کە ئەویش دراماتۆرگییە.

گۆران رەسوڵ لەبارەی کتێبەکە بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی گوت، دراماتۆرگی پرۆسەیەکی دوولایەنی تیۆری و کردارییە بۆ پێکهاتەی درامایی و نمایشی شانۆگەرییانە. دەتوانین بڵێین کە دراماتورگی پڕۆسەی گەڕان و لێوردبوونەوەیە لەناو جیهانی شانۆدا لەنێوان تێکست و بەریەککەوتنی تێکست لەگەڵ دونیا و واقیع. بەم شێوەیە دراماتۆرگی رۆڵێکی گرنگ و گەورە دەبینێ لە بەستنەوەی هەریەک لە پەیامی تێکستی شانۆیی و خەیاڵی دەرهێنەر و رۆڵی ئەکتەر و ئەو زەمەن و دنیایەی تێیدا شانۆگەرییەکە نمایش دەکرێت.

بە گوتەی گۆران، لەم کتێبەدا پێناسە جیاوازەکانی دراماتورگی و باکگراوندە مێژوویەکەی دەخرێنە ڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا ناساندنی دراماتۆرگ وەک کارەکتەرێکی ئاکتیڤ و کاریگەر لەسەر پڕۆسەی پێش نمایش و پڕۆڤە و دوای نمایش، هەروەها ڕۆڵ و تایبەتمەندییەکانی دراماتۆرگ دەخرێنە بەر باس. شیکردنەوەی ئاستەکانی کاری دراماتورگی یەکێکی ترە لەو بابەتانەی کە لەناو ئەم کتێبەدا باسی لێوەکراوە.




# لە ئیتاڵیا فێستیڤاڵی دەربڕینی کوردی بەڕێوەدەچێت

■ ئا: سەرباز سیامەند

لە شاری تۆرینی لە ئیتاڵیا، فێستیڤاڵی دەربڕینی کوردی/ کولتووری بێسنوور بە ئامادەبوونی نووسەران، میوزیکژەن و شانۆکارانی کورد بەڕێوەدەچێت.

تۆفان سونبول، یەک لە رێکخەرانی فێستیڤاڵەکە بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند: رۆژانی 10 بۆ 13ی نیسانی 2019 فێستیڤاڵی دەربڕینی کوردی/ کولتووری بێسنوور لە ئیتاڵیا بەڕێوەدەچێت کە ماوەی 8 مانگە ئامادەکاری بۆ دەکرێت و تێیدا ژمارەیەک لە میوزیکژەن، شانۆکار و ئەدیبی ناوداری کورد بەشدار دەبن.

بەگوتەی تۆفان سونبول، هەریەکە لە ئۆزلەم بەلچم گالیپ- کولتوورناس، فاتمە سەڤجی- شاعیر، یەلدا عەباسی- میوزیکژەن، گانی میرۆز- میوزیکژەن، کاوە نەمر- وێنەگر و شاعیر، میرزا مەتین- ئەکتەر و شانۆکار، بەختیار عەلی- نووسەر و رۆماننووس، ئەنگین سوستام- کۆمەڵناس بەشداری فێستیڤاڵەکە دەبن.

تۆفان سونبول ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، ئینستتیوتی کورد لە پاریس و ژمارەیەک لە چالاکڤانانی ئیتاڵی کە لە تورکیا خوێندوویانە، هاوکاری ئەو پرۆژەیەن، مەبەستیش لێی ناساندنی ئەدەب و کولتوور و میوزیکی کوردییە بە کەسانی بیانی و ئالوگۆڕکردنی زانیارییە لەنێوان ئیتاڵییەکان و خەڵکی کورد".




# چواردەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب دەکرێتەوە



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

بە بەشداری چەندین خانەی کتێب و ناوەندی بڵاوکردنەوە و کتێبخانەی ناوخۆیی و بیانی، چواردەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب، لە پارکی سامی عەبدولڕەحمان لە شاری هەولێر، لەلایەن دەزگای مەداوە دەکرێتەوە.

وا بڕیارە پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب لە رۆژانی 3- 13/4/2019 بەردەوام بێت. بەپێی ئەو زانیاریانەی لە پەیجی پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب لە فەیسبووک بڵاوکراونەتەوە، پێشانگاکەی ئەمساڵ بە بەشداری 300 خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی لۆکاڵی و عەرەبی و جیهانی دەکرێتەوە کە لە 21 وڵاتەوە هاتوون. لە پێشانگای ئەمساڵدا زیاتر لە یەک ملیۆن ناونیشانی کتێب نمایش دەکرێن. هەروەها زیاتر لە 40 چالاکی و کۆڕی ئەدەبی و رۆشنبیری و هونەری پێشکەش دەکرێن.

چەندین نووسەر و رۆژنامەنووس و هونەرمەندی بەناوبانگی عێراقی و عەرەبیش بەشداریی چالاکییەکانی پێشانگاکە دەکەن، لەوانە سەید مەحموود، سەرنووسەری رۆژنامەی ئەلئەهرامی میسری. عەزیز محەممەد، نووسەری سعودی. نەوال ئەلحوار، خانمە شاعیری سووری. جەمال سلێمان، هونەرمەندی سووری. عەبدولخالق روکابی، نووسەری عێراقی. کەوکەب حەمزە، ئاوازدانەری عێراقی. فیراس ئەلسەواج، نووسەر و بیرمەندی سووری. هەروەها د.یوسف زێدان، نووسەر و رۆماننووسی میسری.

سەدەی بیست

# کتێب، وەک میدیۆمی خۆگۆڕین و ئەویترگۆڕین

بەکر عەلی



**دوو شت شایستەی ئەوەن هەرگیز لەباوەشیان نەیەینە دەرێ، یەکەمیان ژن و دووەمیان کتێب.**

ڤالتەر بەنیامین

## من و کتێب

هێشتا خوێندکاری قۆناغی سەرەتایی بووم، کاتێک کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەم کەوتنە بەردەست و ناوبەناو چەند لاپەڕەیەکم لێ دەخوێندنەوە. هێندەی پێ نەچوو، هەر کە گەیشتمە قۆناغی ناوەندی، ئیتر کتێب بووە هاوڕێی سەرەکیم ، تا وام لێهات هیچکات بەبێ کتێب لەماڵەوە نەدەچوومە دەرەوە و زۆرینەی کاتەکانی پشووم لە کتێبخانەی گشتی و ئەوقافی سلێمانی تەنیا لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەدا دەبردە سەر کە وەک من بایەخیان بۆ کتێب دادەنا، کاتێکیش بۆ خوێندنی زانکۆ چوومە بەغدا، لەوێ لەئەنجامی هەوڵی زۆرم بۆ پەیداکردنی کتێبی دانسقە، کۆمەڵێک کتێبم دەستکەوت کە ئەوسا لە هەموو سلێمانیدا چنگ نەدەکەوتن، لەوانە کتێبەکانی هایدێگەر، کیرکیگورد، هۆلدەرلین و ڕیلکە و فوکۆ و دۆلۆز و شتراوس. ئیتر کتێب لای من وەکو نوشتەیەکی لێهاتبوو کە بۆئەوەی هەست بە پاراستن و بەختەوەری بکەم، دەبوو هەمیشە پێمبووایە و لەگەڵم بووایە. هەر لەو قۆناغەشدا بوو کە بەربڵاوترین ڕستەیان لەناو ڕۆحمدا وەکو نەمامێک ڕواند و تا دێت لەگەڵ ڕەوتی بەساڵاچوونمدا ئەویش لەناوەوەمدا گەشە دەکات، ڕستەی: کتێب باشترین هاوڕێیە.

لەڕاستیدا ئەوکات من تەنیا لە ڕووە مۆراڵییەکەوە لە چەمکی هاوڕێ دەگەیشتم، چونکە ڕستەکە ئاوەڵناوی باشترینی تێدایە کە دیارە دەستەواژەی باشترین لێرەدا ئاوەڵناوێکی بەراوردییە بۆ هاوڕێیەک کە خراپ نەبێت و زیانت پێ نەگەیەنێت و لەهەموو هاوڕێکانی تریش باشترە. ئەم ڕستەیە ئەوکات نەیتوانی دوورایەکانی تری کتێب و هاوڕێیم بۆ بدۆزێتەوە، تا ڕۆژگارێکی زۆر درەنگتر کە ڕستە بەناوبانگەکەی شاعیری ئەڵمانی جان پاوڵم بیست: کتێب نامەیەکی ئەستوورە بۆ هاوڕێیان. ئیتر گەیشتمە ئەو بڕوایەی لەم ڕستەیەدا چیەتی و کرۆکی کتێب بە یەکجارەکی دەستنیشان کراوە. چییەتی کتێب بریتییە لە گەیاندنی پەیام بەو خوێنەرانەی لە هەرکوێیەک بن ئەو پەیامە دەگرنەوە و دواجار دەبنە دۆستی ئایدیاکانی ئەو پەیامە. کتێب هەر هاوڕێ نییە، بەڵکو ئامرازێکی پەیداکەری هاوڕێشە.

ئێمە کە کتێب دەبینین ڕاستەوخۆ بیر لە خوێندنەوەی دەکەینەوە، بەڵام هەندێکمان بیر لە نووسینەکەشی دەکەنەوە، چونکە ڕاستە بەرلەوەی نووسەر ببینرێت خوێنەر دەبینرێت، بەڵام نووسەریش بریتییە لە ئەفرێنەری ئەو دەقەی بۆ خوێنەرەکانی دارشتووە. هیچ کاتێک هیچ تیۆرییەکی ڕەخنەیی و هەڵوەشێنەری ناتوانێت مەرگی تەواوەتی نووسەر ڕابگەیەنێت، چەندێکیش وای ڕابگەیەنێت. بۆیە سیانەی نووسەر- دەق ـ خوێنەر هەرسێکیان پێکەوە لەناو کتێبدا خۆیان دەدۆزنەوە و ژیانیش دەژێنن. نموونەی ئەو کتێبانە زۆرن ئێستا ڕیزیان بکەم کە تۆی خوێنەریش تەبا دەبیت لەگەڵمدا لەوەی ئەو کتێبەی بەردەستت واهەست دەکەیت بۆ تۆ دەگەڕێت و تۆش لەمێژە بەدوای ئەودا وێڵ بوویت.

کتێب گرتن بەدەستەوە و خوێندنەوەی، واتە ئامادە بین گوێ بۆ دەنگی ئایدیاکانی ناوی ڕادێرین و پێشوازیشی لێ بکەین، ئامادە بین پەیام و ئامۆژشەکانی نووسەرەکەی ڕێنماییمان بکات و جڵەومان بدەینە دەست بیرۆکە بێگانە و نائاشناکانی. خوێندنەوەی کتێب واتە ئامادەبین بچینە نێو جیهانی بیرۆکەکانی ئەوانیتر و تاڕادەی خۆگۆڕین و بیرگۆڕین لەگەڵ خوێندنەوەدا بەرخورد بکەین. ئامادەبین ئەندێشەکانی ئەویتر، بێگانەکان، وەربگرین و پیادەشیان بکەین. ئامادەبین فەرمایشتەکانی نێوی بسەپێنین بەسەر خۆماندا و ڕەفتاری نوێ و نابەاوی پێ بنوێنین. کتێب زۆر جار بووەتە مایەی بیرگۆڕین و ئاینگۆڕینی خوێنەرەکانی، بووەتە مایەی بیرگۆڕینی ئایدیۆلۆژیستە دۆگماتیکەکانیش، ڕووداوێک کە ڕەنگە شۆڕشێکی کۆگەلیش نەتوانێت ئەنجامی بدات. لێرەوەیە کتێب وەک ئامرازێک بۆ خۆپەروەردەکردن و وەک میدیۆمێک بۆ خۆگۆڕین و وەک میدیۆمێکی کۆمیونیکاسیۆنی بە دنیاوە، لەمێژووی فەرهەنگەکانی نووسیندا ڕەوتی کردووە و هاتووە تا لە سەردەمی ئێستاماندا ڕووبەڕووی بەگژداچوونەوەی میدیا نوێ دیگیتاڵییەکانی وێنە و ئینتەرنێت بووەتەوە و لەم سەرەمەرگەدا درێژە بە هەناسەکانی خۆی دەدات. لەسەردەمی میدیای نوێدا کە فۆرمی کتێب وردە وردە بەهۆی دیکتاتۆریەتی وێنەوە دیار نامێنێ، سلۆتەردایک ئەوە ناودەنێت بە: قەیرانی عەقڵانیەتی کتێب.

لەو ڕستەیەی جان پاوڵ دا ڕەگەزێکی هیومانیزم ئامادەیە، بەوەی مرۆگەری بریتییە لە پرۆسێسێکی خوێندنەوە و ئەلفەبێتاندن، ڕەگەزێک کە فیلۆسۆف سلۆتەردایک ماندوونەناسانە لە گوتارە ئاگراوییە ناودار و بەدناوەکەیدا: چەند ڕێسایەک بۆ باخی مرۆڤ. ڕۆدەچێتە نێو ڕەهەندە هیومانیزم و پێداگۆکی و ڕامکردنخوازی و پەروەردەییەکانییەوە و لێوەی کتێب وەکو میدیۆمێکی کۆمیونیکاسیۆن و وەک میدیۆمێکی ئەلفەبێتاندنی هیومانیزم ڕاڤە دەکات. کاتێک پیرەمێردی شاعیر و حوزنی موکریانی لە کوردستاندا چاپخانە دادەمەزرێنن، بەوە بەردی بناغەی پەروەردەکردنی مرۆییان دانا و لێوەی کتێب خوێندنەوەیان کردە دیاردەیەکی شارستانی و ئامرازێک بۆ بەخێوکردنی مرۆڤی کورد.

من خۆم ئەو ڕستەیە زۆر دەمگرێتەوە و زۆرێک لەو کتێبانەی خوێندوومنەتەوە کردوویانم بە هاوڕێی پەیامەکانیان و بە دۆستی بیرۆکەکانیان. من ئێستا هاوڕێی دوورم زۆرە و هاوڕێی نزیکم کەمە. لەڕاستیشدا کتێبەکان وەکو هاوڕێ وان، ئەوانەی ئاساین هەروەکو ناسیاو دەمێننەوە و ئەوانەی تایبەتن دەیانکەینە هاوڕێ و دۆست. هەر لەسەردەمی گریکیشەوە فەلسەفە بریتی بووە لە گەڕان بۆ پەیداکردنی هاوڕێ.

جیهان خۆی بریتییە لە کتێبێک و ئێمە دەیخوێنینەوە، لەڕاستیدا جیهان خۆی بریتییە لە حەشارگەی ئایدیاکان، لەناو جیهاندا بوون و هاتنە نێو جیهانەوە بریتییە لە گەڕان بۆ ئایدیا حەشاردراوەکانی و سۆراخکردنی بیرۆکە پەنهانەکانی. بۆیە خوێندنەوە بریتی نییە لە گوێگرتن لە چرپەکانی ناوەوەی خۆت، بەڵکو بریتییە لە بەرخوردکردن لەگەڵ ڕاستییە دوورەکاندا، لەگەڵ ئەو دەنگانەی لە جێگا زۆر دوورەکانەوە دێن. ئەگەر مەسیح داوامان لێ بکات نزیکەکان ودراوسێکانمان خۆشبوێت و نیتچەش دوامان لێ بکات دوورەکانمان خۆشبوێت، ئەوا کتێب زیاتر ناسنامەیەکی نیتچەییانەی هەیە. لێرەوە دەمەوێت سەبارەت بەو ناسنامەیە هەندێک وردە کۆپلە بنووسم کە وەزیفەی کتێب بەرجەستە دەکاتەوە، واتە چۆن کتێب وا دەکات لە فۆرمێکی بەردەستدا خوێنەرەکانی هەڵفریوێنێ بۆ دنیا دوورەکان و بەپێچەوانەشەوە دنیا نائامادەکان بۆ خوێنەرەکانی ئامادە بکات، شتێک کە وەکو تێلەپاتی ڕۆڵ دەگێڕێت.

## تێلەپاتیزمی کتێب

لەو پرۆژە ئەنترۆپۆلۆگییەی سلۆتەردایک هەوڵی دارشتنی داوە، یەکێک لە پێناسەکانی مرۆڤ بەم شێوازە هاتووە: مرۆڤ ئاژەڵێکی تێلەپاتییە. تێلەپاتی بە واتای: لە دوورەوە و لەڕێی هەستەوە کاربکرێتە سەر شتێک. واتە شتێک، ڕووداوێک لە دوورەوە هەست و سۆز بوروژێنێ و ئێمە لەڕێی دەرکپێکردنی سەرووهەستەوەریمانەوە بچینە ناویەوە. ئەم خەسڵەتە زۆرجار لە فیلمی ساینس فیکشن و ڕۆمانی خەیاڵی زانستیدا دەبینرێت کە چۆن عەقڵێک لە دوورەوە دەرک بە عەقڵێکی تر دەکات و بگرە جڵەویشی دەکات.

ئەوەی من لەم خوێندنەوەیەدا پێویستمە، ئەوەیە کە کتێب وەک ئامرازێک دەبێتە شانۆی ئەو ڕووداوە، شانۆی کارتێکردنە سەر عەقڵی خوێنەر. کتێب میدیۆمێکە وا لە خوێنەرانی دەکات نووسەرەکەی لە دوورەوە جڵەوی گومانەکانی و ترسەکانی و دڵەڕاوکێکانی و تەنانەت یەقین و دۆگماکانی بکات. لێرەوە تێلەپاتیزم لەناو کتێبدا بەرپا دەبێت. بەڕادەیەک وا لە خوێنەر دەکات، زۆرجار ژیانی خۆیشی بەپێی بیرۆکەکانی کتێبەکان ئاراستە بکات و ڕێنماییە مۆراڵییەکانیشی هەر لە کتێبەوە وەربگرێت. ئێمە زۆرجار وتەی پاڵەوانی ڕۆمانێک، یان ڕووداوێکی ناوازەی چیرۆکێک یان هەستێکی ئیستاتیکی دەقێک وەها کارمان تێدەگات کە لە هەموو ئەزموونی خودی ژیانی ڕاستەقینەی خۆمان کاریگەرترە لەسەرمان، کێ بێت ئەم ڕستە تۆقێنەرەی ناو ڕۆمانی هێڵنجدانی سارتەر: "ئەوانیتر دۆزەخن". هەموو خۆشویستنێکی ئەوانیتری لێ پیس نەکردبێت، یان کێ بێت ڕستە ناودارەکەی نیتچە: "یەزدان مردووە". هەموو یەقینێکی لا پووچەڵ نەکردبێتەوە. یان کێ بێت دەقە پیرۆزەکانی تەورات و ئینجیل و قورئان، هەموو دڵەڕاوکێ و گومان و بەدگومانەکانی لا حەرام نەکردبێت، یان کێ بێت دۆگماکانی مارکس و ئەنگڵس، بەوەی هەموو مێژوو بریتییە لە مێژووی ململانێی چینایەتی، هەموو ئاشتبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی لا نەکردبێتە شتێکی نەشیاو و نەکردە. لەنێو هەموو پاڵەوانی ڕۆمانەکانی دنیادا، من تەنیا دەمویست بەرجەستەی ڕۆمانەکانی کامۆ بکەم.

ئاوەها ڕوویەک لە ڕووەکانی گەردوونگەرایی ئەوەیە کە کتێب دەیخاتەڕوو، کتێب سنووری کتێبخانە نیشتمانییەکان تێدەپەڕێنێ و لەئەودیوی سنووری نیشتمانەوە هەڵدەستێت بە کۆمیونیکاسیۆنێک لەنێوان ناوەوە و دەرەوەدا، لەنێوان نزیک و دووردا، لەنێوان خود و ئەوانیتردا، لەنێوان لۆکاڵ و یونیڤێرساڵ دا، لەنێوان ناسیۆناڵ و ئینتەرناسیۆناڵ دا. لێرەوەیە هەندێکجار نووسین دەبێتە میدیۆمێکی تێلەپاتیکی سیاسی، وەک سلۆتەردایک دەڵێت. چونکە وا دەکات لە دەڤەرێکی لۆکاڵیی بچووکەوە خۆی لەگەڵ گەورەترین ڕووبەری کولتوورییانەی دنیادا بگونجێنێ. زۆرینەی ئەو ڕۆمان و کتێبانەی دەبنە کتێب و ئەدەبیاتی جیهانی، ڕێک لەو سیاسەتە تیلەپاتیکییەوە دەرچوون. هەر بۆیە هەندێک لەو دەوڵەتانەی بەرگەی ئەو زەوقە گەردوونییە ناگرن، ئەو کتێبانە و ئەو تەوژمانەی نووسین وەکو غەزوی کولتووری پێناس دەکەن.

نووسین مەشقێکە، حەشارگەکانی ناوەوەمان دەبات بەرەو شوێنە پەنهانە دوورەکانی دەرەوەمان، کەچی خوێندنەوە گرتنەوەی ئەو پەیامە بێگانانەیە کە ژێدەرەکانیان مەسەلەیەک نین بەلامانەوە. لێرەوەیە تێلەپاتیزمی نووسین، وەکو کاریگەرییەکی ڕۆحی دەسەڵات لە دوورەوە، دەچێتە نێو قەوارەی جڤاتە دوورەکانەوە. بەم پێیە فەرهەنگە نێوخۆیی و لاوەکییەکان دەبنە فەرهەنگی گەردوونی و سەرەکی. بۆیە هەموو ئەو ئەدەبانەی سەروکاریان لەگەڵ ژینگەی نێوخۆییدا بووبێت، دینامیکیەتی ئەم خەسڵەتە هەڵیگرتوون بۆ سنوورەکانی دەرەوە و بەرەو جیهانی بردوون. ئەم کردەوەیە جۆرێک لە هاوکاتکردنی دنیا دەئافرێنێ، ئینجا کتێب وا دەکات ژینی ڕۆح لەم فەرهەنگەدا هاوکات و هاوشوێن بکات لەناو فەرهەنگە دوورەکاندا. ئەم پرۆسێسە جۆرێکە لەو جادووەی نادیار و نائامادە دەکاتە دیار و ئامادە، ڕابردوو دەکاتە هەنووکە، ئەوێ دەکاتە ئێرە، بێگانە دەکاتە دۆست.


تەمومژاویترین دیاردە لە دنیای کوردیدا مێژووی لەدایکبوونی نووسینە، واتە لەبەر نەبوونی ئەرشیڤێک کە دۆکیومێنتەکانی نووسینی کوردی ساغ کردبێتەوە، ڕەنگە بۆ لێکۆڵیار و باسکار ئاسان نەبێت هیچ هەڵسەنگاندنێک بکات. مێژوونووسان پێیانوایە ئاڤێستا دێرینترین کتێبی کوردییە، بەڵام ئەمە دەرئەنجامێکی فەرهەنگی لێ نەکەوتووەتەوە، جگە لەو کاریگەرییە ڕۆحانییەی بەسەر زەردەشتییەکانەوە هەیبووە چ شوێنەوارێکی ژیاریی ئەوتۆ کاریگەری بەسەر ژیانی کولتووری و سیاسی و دەسەڵاتگەریی کوردیدا بەجێنەهێشتووە. ڕەنگە نووسینەکانی بابەتایەر لە دێرینترین ئەدەبیاتی نووسینی کوردی بن. پاشان شەرەفنامە و مەم و زینی خانی لە هەرە کتێبە دیارەکانی زمانی کوردی بن. بەڵام چونکە چ قەوارەیەکی سیاسی نەتەوەیی نەبووە لەو زەمانەدا، هەموو ئەو نووسینانە لە پەراوێزی جیهاندا مانەوە. لەو سەردەمانەدا کە ئیمپراتۆرەکان لە ئارادا بوون، کتێب میدیۆمێکی سەرەکی گەیاندنی دەسەڵات بووە، بۆ نموونە فارسەکان شانامەیان هەبوو، گریک ئۆدیسەی هەبوو، عەرەب کۆمەڵێک داستانی هەبووە، ئاوەها دەسەڵات و دەق پێکەوە هاوکات پەل دەهاوێژن و کۆمیونیکاسیۆن دروست دەکەن. لێرەوەیە لەڕێی فانتازیای کۆمیونیکاسیۆنەوە ئەوە دەبینرێت کە چۆن کۆمەڵگەیەکی ئەدەبی توانیویەتی نووسین و کتێب بنێرێتە دەرەوەی قەڵەمڕەوی خۆی. بەڵام کتێبی کوردی کۆمیونیکاسیۆنی بۆ جیهانی دەرەوە نەخواستووە، ئەو زۆر دواتر لە فارسەکان، لەڕێی شەرەفنامە و مەم و زینەوە، کۆکردنەوەی هۆزە کوردییەکان و بەگەلکردنی ئەم هۆزانە گەورەترین ئیشی کۆمیونیکاسیۆنی بووە کە کتێبی کوردی کردبێتی. نەتەوە خۆی چییە، جگە لە فانتازیای ئەو خەڵکە خوێنەوارانە بۆ کۆکردنەوەی هۆزەکان لەناو بازنەی یەک زماندا؟

کاتێک فیلۆسۆفی ئەڵمانی یۆهان گۆتلیب فیشتە ساڵی 1807 لە زانکۆی بەرلین چەند وانەیەکی دا بەناوی چەند گوتارێک بۆ نەتەوەی ئەڵمانی کە تا ئەوکاتەش لەژێر داگیرکاریی فەرەنسادا بوو، لەو دەمەدا شتێک لەڕووی فیزیکییەوە نەبوو بەناوی نەتەوەی ئەڵمان، بۆیە فانتازیای گوتار و زمان دەکەوێتە پێشەوەی واقیعی مێژووییەوە.

ئاوەها نووسین و زمان ڕۆڵێکی ئەفرێنەر دەبینن لە بەدیهێنانی فانتازیاکاندا، نووسین هەر ئامرازێکی پەیوەندیساز نییە، بەڵکو وەک سلۆتەردایک لە هایدێگەردا دەیدۆزێتەوە، زمان بۆ ئەوە نەدراوە بە مرۆڤەکان تاوەکو لەیەکتری تێبگەن و قسەی پێ بکەن، بەڵکو بۆ ئەوەشە کە یەکتری پێ ڕام بکەن.



رامیار مەحموود



# کتێب و داهاتوو

**زەبروزەنگی راستەقینە زەبروزەنگی بەڵگەنەویستە، ئەوەی کە بەڵگەنەویستە زەبروزەنگاوییە.**

**رۆلان بارت**

من پێشنیازێکم هەیە بۆ بیرکردنەوە لە کتێب، واتا پێکەوە بیرکردنەوە لەوەی پێیدەگوترێ کتێب.

هەموومان وشەی کتێب دەناسینەوە و دەزانین ئاماژەیە بۆ چ جۆرە ماتەریال و میدۆمێک. ئەم وشەیە وشەیەک نییە وەک مەتەڵ بەدوای هەڵهێنانی واتا و چییەتییەکەیدا بگەڕێین. پرسیارێکی زۆر هەن لەبارەی کتێبەوە کە پێویستیان بە وەڵامدانەوە هەیە، هەر لە گرنگی و کاریگەریی کتێبەوە بۆ خاوەن و بەرهەمهێنەری کتێب.

ئەمە بابەتێکی ئاڵۆزە. کە باسی لەدایکبوونی کتێب دەکەین، باسی لەدایکبوونی نووسین دەکەین، پەڕینەوە لە زارەکییەوە بۆ نووسین. ئەمەش تەنیا پەڕینەوەیەکی زمانەوانی نییە، بەڵکوو پەڕینەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریشە. واتا کۆمەڵگە نۆرم و کولتوورەکەی لە زارەکییەوە دەکاتە نووسراو. گرنگیی نووسین لەوەدایە دەبێتە ئەرشیف، تا ئەرشیف نەبێت، بە زمانی میشێل فوکۆ دیسکۆرس یان گوتار نابێت، واتا بۆ نموونە ئێمە ناتوانین قسە لەسەر دیسکۆرسی ئیسلام بکەین بەبێ بەنووسراوکردنی قورئان، وەک چۆن ناتوانین باس لە دیسکۆرسی کوردی بکەین بێ ئەرشیف و بەنووسراوکردنی دەقە کوردییەکان. واتا دیسکۆرسی کوردی تا ئەو شوێنە دەڕوات کە نووسین هەیە. هەڵبەت مێژووی سەرهەڵدان و نووسینی کوردی تازەیە، هێشتا ئێمە بە تەواوی لەناو جیهانی نووسراودا نین و زۆر نۆرم و بەهای کولتووریی ئێمە لەناو زارەکیدایە.

محەممەد ئارگۆن شارستانییە تەوحیدییەکان بە شارستانییەتی کتێب وێنا دەکات وەک ئاماژەیەک بۆ تەورات و ئینجیل و قورئان. تا ئێستا ئەم سێ کتێبە گەورەترین پایەی خۆیان پاراستووە لە شەقڵپێدانی کۆمەڵگەییدا. لە سەرەتادا ئەم کتێبانە قۆرخکراو بوون بۆ دەستەبژێرێک کە مافی لێکدانەوەی لە ئەستۆ بگرن. لەگەڵ سەردەمی مۆدێرندا ئەم سێ کتێبە بە دیموکراسی دەکرێن و بەردەست دەبن بۆ هەمووان. ئەمانە کتێبێکن لە غەیبەوە هاتوون و سەرچاوەکانیان نادونیایی و پیرۆزە بە مانا باوەکەی، جیاواز لە کتێبی دونیایی و زەمینی کە خاوەندارییەکەی بۆ مرۆڤ دەگەڕێتەوە نەک یەزدان، واتا کتێبێک کە ڕەهایە. کتێبێک کە ڕەها نییە بەرهەمی عەقڵی مرۆڤە. لێرەدا پێم باشە ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە کتێب وەک جێگرەوەیەک بۆ کتێبی دینی لە زەینی هەمووماندا ئاماژەی بۆ دەکرێت، وەک میدیایەک کە هەڵگری ئایدیای گۆڕانی کۆمەڵایەتییە، بەڵام لێرەدا دەبێت سەرنجی سێ شت بدەین لە پەیوەند بە کتێبەوە، ئەویش دانەرەکە و ئینستتیوتەکەیە. دانەرەکەی وەک بەرهەمێنی کتێب و ئینستتیوتیش وەک سەرچاوەی ڕەوایەتیدان، وەک دەسەڵاتی هەڵبژاردن و نرخدان و بڵاوکردنەوەی. هەروەها داڵغەشمان بۆ ئەو بکەرە سۆسیۆلۆجییە دەچێت کە ناوی رۆشنبیر و نووسەرە و کەرتێکی کۆمەڵایەتی جێگرەوەی مەلایانن. چونکە ناوی کتێب لە سەردەمی مۆدێرندا ڕاستەوخۆ بەرەو ئەو ڕیفرێنسە کۆمەڵایەتیەمان دەبات کە ناویان نووسەران و رۆشنبیران و پێشڕەوانی میللەتە. رۆشنبیران ئەوانەن کە کاری کشتوکاڵی و جووتیاری لە ڕۆحی کۆمەڵگەدا دەکەن و جووتیارانی ڕۆحین. نووسین و خوێندنەوەی کتێبێکی خۆڵاتی واتا کشتوکاڵکردن و جووتیاری لە ڕۆحی خۆتدا، هەرچەندە ئێمە ئێستا کێشەیەکی گەورەی کشتوکاڵکردنی ڕۆحیمان هەیە لە خۆماندا.



لێرەدا دەمەوێت قسە لەسەر مردنی کتێب بکەم، بەو مانایەی لە زەینی هەمووماندا وێنەیەک هەیە لەسەر کتێب، ئەویش وێنەی کتێبە وەک پرینتکراو و کاغەزی، وەک ئەفسوون و چێژ، وەک میدیایەک بۆ گەیاندنی زانین. ئەمڕۆ بەکتێبکردنی زۆر شت مانای خۆی لەدەستداوە، چونکە کتێب تاکە میدیا نییە، ئەمڕۆ بۆ دەستکەوتنی زانین و فێربوون میدیای نوێ و تەکنیکی تازە بەشێکی زۆری ڕۆڵی کتێبی بۆ خۆی بردووە. یوتیوب ئەمڕۆ یەکێکە لە قوتابخانەکانی فێربوون بۆ هەموو بوارەکان، ئەمە جگە لەوەی ئەمڕۆ کتێبی وەرەقی شوێنی لێژ بووە بۆ کتێبی پی دی ئێف، وەک چۆن کەشی ڕۆمانسیی کتێبخانە شوێنی لەق بووە بەهۆی کتێبخانەی ئەلیکترۆنییەوە.

کتێب لە سەرەتاوە بەشێوەیەکی جیهانی و لۆکاڵیش ئاماژەیە بۆ بەدەستهێنانی ئیجیوکەیشن و ئاوەدانکردنەوەی ڕۆحی مرۆڤ و کۆمەڵگەش. کتێب بەم پێیە ئامرازی دەستکاریکردنی خۆمان و ئەوانیتریشە، دروستکردنی زانینە لەسەر خۆمان و جیهان. مرۆڤ لە ئێستادا شوێنکەوتووی کتێبی ئاسمانی بن یان زەمینی، هەڵبەت لەڕووی ئەنسرۆپۆلۆجییەوە هێشتا شوانی ڕۆحی ماوە، کەم نین شوێنکەوتووانی ڕۆحیی شوانەکان. هەموو ئەوەی پێیدەگوترێ ڕۆشنگەری بەرهەمی کتێبە، شۆڕشەکان و گۆڕانەکان لەناو کتێبەوە هاتوون. بەڵام ناتوانین ڕۆڵی کتێب لەم سەردەمەدا بچوێنین بە هەمان ڕۆڵی کتێب لە ڕابردوودا، چونکە سەدەی بیست و یەک زۆر میدیۆمی نوێی هێنایە ئاراوە کە زانین و زانیاری بەردەست دەخەن، وەک نموونەی گووگڵ. جیهانی ئەلیکترۆنی ئەمڕۆ بە تەنیا ڕۆڵی لە کتێب نەسەندووەتەوە لە مولکایەتی زانین و زانیاریدا، بەڵکوو گۆڕانکاری بەسەر خودی میدیۆمی کتێبدا هێناوە و لە پێکهاتەیەکی وشکی کاغەزینەوە گۆڕیویەتی بۆ پی دی ئێف و کتێبخانەی گەڕۆک کە لەناو مۆبایل و ئای پاد و لاپتۆپەکەتدا بتوانی لەگەڵ خۆت هەڵیبگری. ئەگەر دەنگێکی کۆنزەرڤەتیڤ هەبێت پێیوابێت چێژی خوێندنەوە تەنیا لەناو کتێبی کاغەزیدایە، ئەوە دەنگێکی مردووە کە داکۆکی لە جیهانێک دەکات لە گیانەڵڵادایە و کۆتاییەکانی خۆی بەسەر دەبات. چونکە چێژ وەهمی ئەوانەیە کە خەونی ڕۆمانسی بە سەردەمی کۆنەوە دەبینن. ئەمە جگە لەوەی فری داونلۆد بە تەواوی توانیویەتی دیموکراتیزەی کاڵایەکی وەک کتێب بکات و هەمیشە پێویست نەبێت تۆ بچیتە ناو پەیوەندییەکانی کڕین و فرۆشتنەوە. چەندین میدیۆمی جیاوازی ئەلیکترۆنیش هاتوونەتە ناو ئەم جیهانەوە بە بەردەستخراوی کە بتوانی لە ماڵ و شوێنی خۆتەوە زانین و زانیاری و چێژ بەدەستبخەی. چیتر ئێمە لەو سەردەمەدا ناژین کە بەبێ ناچار بین برۆین بۆ کتێبخانەکان بۆ خوێندنەوەی کتێب و کاتەکانمان بە ناچاری لەناو کتێبخانەکاندا بەسەربەرین، یان بۆ بینینی فیلم بە کۆمەڵ ڕوو بکەینە سینەماکان. تەنانەت بۆ کڕینی کتێبیش زۆر پێویستمان بەوە نەماوە سەردانی کتێبخانە بکەین و لە ڕەفەکاندا بۆ کتێب بگەڕێین. ئێستا دەتوانین ئەو کتێبەی دەمانەوێت لەسەر مۆبایل و کۆمپیوتەرەکانمانەوە ئۆردەری بکەین و شیپی بکەن بۆ بەردەرگای ماڵەکانمان. ئێمە ئێستا لە سەردەمی دیلیڤەریدا دەژین، بە تەنیا دیلیڤەری جیهانی ساندویچ و پیتزاکانمان نا، بەڵکوو دیلیڤەری و داونلۆد بۆ ئەوکات و شوێنانەی تیایداین، ئێمە لە سەردەمی چوونەوە یەکی زۆر بەهێزی شوێن و کاتدا دەژین.

هەرچۆنێک بێت ئەو ڕاستییە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر خۆی دەسەپێنێ کە کتێب لە زۆر ڕوانگە و لایەنییەوە یان مردووە یان لە مردن نزیک دەبێتەوە. هەڵبەت هەر کتێب خۆی نا، بەڵکوو خاوەنەکەشی لە مردن و گیانەڵڵادایە. چونکە نووسەر و دانەری کتێب چیتر ئەو کارەکتەرە نییە کە هەموو چاومان لەسەر ئەو بێت وەک شارەزا لە دونیا. بەم پێیە نووسەران و رۆشنبیرانیش لە مردن نزیک دەبنەوە، چونکە ئەوان چیتر خاوەنی زانین و زانیاری نین. ئینفۆرمەیشن هەموو دەسەڵاتێکی لە شارەزا و رۆشنبیر سەندووەتەوە. ئینفۆرمەیشن ئەمڕۆ دیموکراتیزە بووە بۆ هەموو کەس. هیچ رۆشنبیرێک و نووسەرێک و دانەرێک ناتوانێت بانگەشە بۆ بەدەستهێنانی پێگەیەکی باش بۆ خۆی بکات بەهۆی زانین و زانیارییەوە و ڕەنگە تاکە شتێک مابێتەوە، ڕایەک بێت لە دوای ئەو زانینەوە. بۆیە ئەمڕۆ جیهان بە قەیرانی ڕاوبۆچووندا تێدەپەڕێت نەک بە قەیرانی زانین و ئینفۆرمەیشندا. ئەگەر نموونە بهێنمەوە بۆ ئەمە، نموونەی فۆکۆیاما و سامۆێل هەنتگتۆن دەهێنمەوە کە لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا خاوەنی دوو ڕا بوون، یەکیان پێکدادانی شارستانی و کولتوورییە و ئەوی تریان کۆتایی مێژووە لە لیبراڵیزم و دیموکراسیدا. هەڵبەت مارکس هەر لە سەرەتاوە بە ڕای جیاوازی خۆی هاتە ناوەوە، ئەویش بانگەشەکردنی پاش کەپیتاڵیزمە، واتا ئەم سیستەمە بەردەوام نابێت، شوێنکەوتووانیشی لە سەرانسەری جیهاندا لەسەر هەمان هێڵ دەڕۆن.

ئەگەر تۆ لەسەر ئەوە سوور بیت کە هێشتا کتێب وەک خۆیەتی، ئەوا تۆ لەناو جیهانی کۆندا چەقیویت و ناتەوێ دان بە هاتنی سەدەی بیستویەکدا بنێیت. ئەمە جگە لەوەی کتێب ئەمڕۆ هەڵگری هەمان وزەی شۆڕشگێڕانەی چاخی کۆن نییە، بەشێکی مردنەکەی لەناو بەکاڵابوونیدایە، بەشمەکبوونی کتێب. چیتر کتێب دەستمان ناگرێت بۆ سەردەمێکی تر، کتێبیش کاڵایەکە وەک هەر کاڵایەکی تر لەناو پەیوەندییەکانی کڕین و فرۆشتندایە، ئێمە لە سەردەمێکدا ناژین ڕزگاربوونمان لە کتێبەکانەوە سەرچاوە بگرێت، هەم ناتوانین سەیری دەزگاکانی بڵاوکردنەوەش بکەین وەک ئینستتیوتی خێرخوازی، بەڵکوو دەزگاکانیش گوزارشتن لە ئۆتۆرەتی و دەسەڵات و بەشێک لە بازاڕی شمەکی.

نیهاد جامی- پۆڵەندا



# جوگرافیای شوێن و ئەدەبی نائومێد



شوێنەکان لە خەیاڵی مرۆڤدا زادەی فانتازیان، شارەکان هێندە دوورن مەودای نێوان ئێمە و شارەکان ڕووبەری خەیاڵین، گەیشتن بەشارەکان ڕزگاربوونە لە بێمانایی ئێرە، ئەو بیرکردنەوەیە لەکوێوە هات کەوا خۆرئاوا شوێنەکە بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤ؟

هەر چەشنە پرسیارێکی لەم جۆرە کاتێک لە ساتەوەختێکی بەرایی تەمەندا داگیرمان دەکات، وابەستەی یەکەم ساتەوەختەکانی خەونبینینە، کتێبێک یا فیلمێک بەسە بۆ ئەوەی لەڕێی خەیاڵەوە بفرین و سەفەر بکەین بۆ دوورترین شوێنی دنیا، ئەوە گەڕانەوەیە بۆ نێو منداڵی، هەڵدانەوەی لاپەڕەی لەیادکراوی تەمەنە بۆ ڕۆژگارێک کە خەونبینین بە پایەتەختەکانەوە هێندە فانتازی بوون، کاتێک دەچینە ناو شارەکان تێدەگەین، لەنێوان فانتازیاکانی ئێمە و جوگرافیای شوێندا جیاوازییەکی گەورە هەیە، ئەوە ئێمە بووین شارەکانمان هێندە جوان کردبوو، دەنا شوێن چەندە هەڵگری مانای ئازادی و جوانی بێت، هێشتا ئەو مانا فانتازیە ناخولقێنێ کە لە زهنی ئێمەدا هەیە.

ئەوە خوێندنەوەی کتێب و سەیرکردنی فیلمەکان بوو وای لە شارەکان کرد وێنەی فانتازیمان بۆ بخولقێنن، دەنا لە واقیعدا شوێنێک نییە هەڵگری فانتازیا بێت، دەبێت خۆمان فریو نەدەین، شارە خەیاڵییەکان زادەی ناو ئەدەب و هونەرن، لە دەرەوەی بونیادە خەیاڵیەکەی، شوێن هەڵگری بونیادی جوگرافی خۆیەتی، وێناکردنی خۆرئاوا وەک شوێنی خەیاڵ پەیوەست نییە بە شوێنەوە، بەڵکو زادەی دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیە، ئەوە گەشەسەندنی کولتوور و ئازادبوونی فەردە، وایکردووە تێکەڵبوونی مرۆڤ بە شوێن وێنەی دنیایەکی نوێ بخولقێنێ، دنیایەک لە دەرەوەی فیکری توندوتیژی بژێیت.

کاتێک لەناو دڵی خۆرئاوادا ڕووبەڕووی پرسیار دەبیتەوە، شوێن بەتەنیا شتێک نییە، ئەوە مرۆڤە وای لە شوێن کردووە، وەک چۆن بێمانایی ژیان لە خۆرهەڵات و تراژیدیە بەردەوامەکانی، دیسان ئەوە مرۆڤەکانن بۆ خۆیان شەرعیەتێکی دواکەوتوویان بۆ ژیان وێنا کردووە، توندوتیژی دینی و ئازادنەبوونی تاک و بەرپرسیاربوون لە یەکتری، بنەمای وێرانبوونی دنیایەکە وایکردووە خۆرهەڵات و دنیای ئێمە وەک دۆزەخ ببینرێت، لەکاتێکدا پێویستە ئەو وێنەیە بخەینە ئاستی گومانەوە و بپرسین: کێ ئەو دۆزەخەی خولقاند؟ چۆن دۆزەخ لە ژیان بکەینە دەرەوە؟

پرسیار و گومان سەرەتای کۆتاییهاتنە بە لۆژیکی بە دۆزەخبینین، بۆیە چیتر ناکرێت لە ترسی وننەکردنی شوناسی کۆمەڵایەتیمان بێدەنگی لەو بیرکردنەوەیە بکەین کە خولقێنەری تراژیدیایە، ئەوە بێمانایی ژیانی ئێمەیە لە خۆرهەڵات وای لە خۆرئاوا کردووە، خۆی وەک نموونەی باڵا بخاتەڕوو، ئەوەش چەندە دنیای ئەوانیتر درێژەیان پێداوە، بەڵام گاڵتەجاڕەکەی ئەوەیە کۆمەڵگای کوردی درێژکراوەی ئەوان بێت، ئێمە گەر نیشتمان بخەینە ناو گومانەوە، ئەو گومانە پاککردنەوەیەتی لە وێنەی دۆزەخ کە وێنەیەکی دینی و عەرەبیە، پەیوەست نییە بە ئێمەوە، بەڵکو وابەستەی عەقڵیەتی ئەویتری عەرەبیە، ئەودەمەی بە پرۆژەی ستراتیژی ویستمان گۆڕان بخولقێنین، تێدەگەین نیشتمان چۆن وێنای بەهەشتی بۆ دەکەین، دەتوانین وەک ئەویتری خۆرئاوایی ببینە جێی سەرنجی ئەوانیتر.

دیارە لەو نێوەندەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ئێمە ئەدەب و هونەرەکەشمان هەر زادەی ئەو دۆخە کولتووریەمانە، کێشەی کولتووری ئێمە ئەوەیە نەمانتوانیوە کولتوور بەشداری لە گۆڕانکاریە عەقڵیەکانماندا بکات، تێکستە ئەدەبی و کارە هونەریەکانمان درێژەی بە دۆزەخ بینینی کۆمەڵگای کوردیە، بۆیە نەمانتوانیوە ئەو وێنەیە لە زهنی مرۆڤی کوردیدا بگۆڕین.

نیشتمان لە ئەدەبی نوێی ئێمەدا چیتر خاکی گەوهەر نییە و ئاوی کەوسەر نییە، نیشتمان شوێنێکە بۆ نائومێدیی مرۆڤی کورد، ڕۆژە بەراییەکانی ڕاپەڕین سەرەتای تێگەیشتنی ئەدەبی ئێمەیە لەو نائومێدیە، ئەوە لێدانە لە گەشبینی و دڵەڕاوکە خستنە ناو خەونە، کاتێک بەختیار عەلی لە دیوانی گوناە و کەرنەڤاڵدا دەمانخاتە بەردەم وێنەیەکی جیاوازی نیشتمان، دواتر ئەو وێنەیە لە "ئێشکردن لە دارستانەکانی فیردەوس و کتێبی پیاوکوژان" دا تێماندەگەیەنێت کە شوێن، ئەو ڕووبەرە جوگرافیەی ئێمە تیایدا دەژین، ڕووبەرێک نییە بۆ ژیان، ژیان لە دەرەوەی ئێرەیە، لێرەوە نیشتمان دەبێتە شوێنی خائین و پیاوکوژەکان، ئەو نەوە نوێیە کە ئەدەبەکەی و دەنگی نەوەکەی ڕووبەڕووی دۆخێکی تاریکی نێو ژیانی دەکاتەوە، زادەی دۆخە کولتووریەکەی کۆمەڵگای کوردیە، کۆمەڵگایەک کولتوور ناتوانێت بەشداری لە بەرەوپێشچوونیدا بکات، هەموو گەڕانەوەیەک بۆ نیشتیمان گەڕانەوەیە بۆ سەر خاکێکی سووتاو، وەک لەلای شێرزاد حەسەن لە ڕۆمانی "تەمی سەر خەرەند" هەموو گەڕانەوەیەک تەنیا سۆزێکە بۆ ڕابردوو لەناو منداڵی کوژراودا، چوونەوەیە بۆ سەر خاکێکی سووتاو، سرووشتی کوژراو لەلای شێرزاد حەسەن و شێرکۆ بێکەس وێنەیەکی دیاری ئەدەبی نوێی ئێمە پێکدێنێ، سرووشتێک گەر لای شاعیرێکی وەک گۆران مانای جوانی بدات و بکەوێتە ستایشکردنی، بەڵام لەلای شێرزاد سرووشتێکی کوژراوە بەهۆی دۆخی سیاسی لەلایەک و لەلایەکی تریش، کولتوور هۆکارێکی تری ئەو مەرگەیە، چونکە نایەوێت بەسەر خۆیدا بکرێتەوە، وەک لە چیرۆکی "تێکئالآن"دا سەرئەنجام دوو عاشقەکە دەگەڕێنەوە دڵی سرووشت، ئەو بێئومێدیە وابەستەی داخرانی کولتووریە، وەک چۆن لەلای شێرکۆ لە "دەربەندی پەپوولە" خودی سرووشت خۆی کوژراوە، بۆیە گەڕانەوەی شێرکۆ بۆ نیشتیمان گەڕانەوەیە بۆ ناو سرووشتی کوژراو.

ئەوە تەنیا شیعر و ڕۆمان نین وێنای نیشتمان لەو فۆڕمەدا دەخەنەڕوو، فیلمی "ساتێک بۆ مەستیی ئەسپەکان" ی بەهمەنی قوبادی وێنەیەکی تری شوێنە وەک ڕووبەری نائومێدیی مرۆڤ، چیتر ئومێد خاڵێک نییە ئێمە لێوەی بڕۆینە ناو ژیان، بەڵکو ئەوە ئازار و کارەساتەکانن، خەونی ئێمە لە ژیاندۆستییەوە دەگۆڕن بۆ خەونی مانەوە لە ژیاندا، ئەوەی هەیە خەون نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ نەمردن، دووبارەکردنەوەی هاوارێکی تری دڵداری شاعیرە بۆ ئەوەی کەس بە ئێمە وەک نەتەوە نەڵێت مردووین، بەڵکو زیندووین، بەڵام بەڕاست ئێمە زیندووین؟ ئاخۆ جێهێشتنی نیشتمان هەڵەیەکە؟ لەکاتێکدا نیشتمان وێنەیەکی نێو کولتووری ئێمەیە بۆ جێهێشتن، ئەوەش دەرگا لە نووسینی تر و قوڵبوونەوە دەکاتەوە کە بچینە نێو بابەتی ترەوە، هەوڵ دەدەین لە داهاتوودا سەرلەنوێ بگەڕێینەوە سەری، تاوەکو لە وێنەی نائومێدیکەوە سەیری ئومێدێک بکەین لە دەرەوەی ناشوێن.

بۆ ئەوەی مرۆڤ توانای خەونبینینی هەبێت، ناکرێت گەشبینی درۆزنانەی هەبێت، بەڵکو پێویستە وێنە راستەقینەکە بەرینە ناو نائومێدییەوە، بۆیە ئەوەی لەبەردەم نائومێدبوونی وێنە رامانده‌گرێت ئەوە نییە کە بۆچی لە ڕۆمانی «دواهەمین هەناری دونیا»دا سەریاسی سوبحدەم هەر خاکەکەی نەسووتاوە، بەڵکو خۆیشی سووتاوە، بەڵکو ئەوەی جێی تێرامانە ئەو پرسیارە گرنگەیە کە ئایا ئێمە وەک موزەفەری سوبحدەم لە دەریادا ڕووداوەکان دەگێڕینەوە، نیشتمان جێدێڵین و ڕووە و دەریا هەنگاو دەنێین، ئەوانەی لەوێ دەمێننەوە کێن؟ ئاخۆ ئێمە ئەدەبێکمان هەیە وێنەی نیشتمان وەک شوێنی ئومێد بخاتەڕوو؟ کاتێک باس لە ئومێد دەکەین، قسەمان لە ئومێدە وەک خەونی مرۆڤ، نەوەک فریودانی مرۆڤ، بەوەی جوانیی نیشتمان بە ئاستێکە لە دەرەوەی ستایش ناتوانین شتێکی دیکەی لێ بکەین.

کێشەی ئێمە ئەوەیە ئەدەبی ئێمە وێنەیەکی بۆ نیشتمان خستووەتەڕوو، ڕووبەرێکی بۆ ئومێد نەهێشتووەتەوە، ئەو نائومێدیە وایکرد "جوگرافیای شوێن ببێتە منداڵدانی ئەدەبی نائومێد".

# دەراشۆ و فێمێنیسمی نامووسی



''نەبوونی هاوپشتیی خوشکانە لە نێوان ژناندا و لەویش واوەتر، بەشداریی ژنان لە پرۆسەی چەوساندنەوەی ڕەگەزیدا، دیاردەیەکی ئاڵۆزترە لەوەی کە لە ژێر سێبەری قورسی توندوتیژیی پیاوانەدا پەردەپۆش بکرێ''

نەبوونی ''هاوپشتیی خوشکانە'' بابەتێکە ڕەنگە لە هەموو کەس زیاتر نێوەندە فێمێنیستییەکان خۆیان وروژاندبێتیان. ''هاوپشتیی ڕەگەزی'' یان ''هاوپشتیی خوشکانە'' ئەو خەونەیە کە بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو، ئاواتی بزووتنەوە فێمێنیستییەکانی جیهان بووە. هەڵبەت بووژانەوەی هۆشیاریی مێژوویی سەبارەت بە چەوسانەوەی ڕەگەزیش نەبووەتە هۆی وەدیهاتنی ئەو خەونە. هێشتاش جیاوازیی چینایەتی، سیاسی، کولتووری، پەروەردەیی و تاد، دەبێتە هۆی ئەوەی ژنان نەتوانن وەکو پێویست پشتوپەنای تەنگانەی یەکتری بن. هەڵبەت کێشەکە تەنیا نەبوونی هاوپشتی نییە، ئەوەی مایەی تێڕامانە ''مەیلێکی ژنانە''ی –لانیکەم بۆ منی پیاو- نامۆیە بۆ لە عەرزدانی پشتی یەکتر. دەڵێم ''مەیلی ژنانە''، هەرچەند دەزانم ئەمە خەسڵەتەکی ژنێتیکی بەو نەیارایەتییە خۆبەخۆیەی ژنان دەبەخشێ. بەڵام گەلۆ باس لە تایبەتمەندیی ژنێتیکییە یان پێدراوێکی کۆمەڵایەتی؟

## ''ژنان گورگی ژنان''

بەشێک لە کەیسەکانی کوشتنی کچان لەسەر ''بێشەرەفی''، لەناو کۆچەرانی نیشتەجێی ڕۆژاوا، دیاردەیەکی سەیری هێنایە ڕۆژەڤی میدیا و توێژینەوە ڕۆژاواییەکانەوە، ئەویش هاوکاری و داردەستێتیی دایکان و هاوسەران بوو بۆ سەرتیابردنی ئەندامی مێیینەی خێزانی خۆیان. ئەمە پرسیارێکی سەرسوڕهێنەرە کە بۆچی ژنان نەک هەر بەشداری لە زیندووهێشتنەوەی نەریتە زیانبەخشەکاندا دەکەن، بەڵکو هێندێک جار پشکداریش لەو تاوانانەدا دەکەن کە لەلایەن پیاوانەوە بەرامبەر بە ژنان دەکرێن؟ یەکێک لەو فاکتەرە کۆمەڵناسانەی لەم پێوەندییەدا، ئاماژەی پێ دەکرێ، گوشاری دەوروبەرە لە کۆمەڵگە نەریتی و باوکسالارانەکاندا کە وادەکات هێندێک ژن\ دایک ببنە داردەستی مەرامی پیاوانەی بنەماڵە و خێڵ و جڤاک بۆ سەرکوت و دەمکوتی ئەندامی مێیینەی بنەماڵە و بەگشتی کەسی هاوڕەگەزی خۆیان، لەکاتی لادان لە نەزمی ئەخلاقیی زاڵی ناو کۆمەڵدا. گوشاری دەوروبەر وادەکات کە زۆرجار ژن، بەنابەدڵیش بێ، خۆی لەگەڵ ئەو نۆڕمانەدا بگونجێنێ کە دەبنە هۆی چەوساندنەوەی هاوڕەگەزەکانی خۆی. جگە لە زەختی گرووپی و گوشاری دەوروبەر، دەشێ نەبوونی هۆشیاریی جێندەریش بە فاکتەرێکی بنچینەیی و چارەنووسساز لەم پێوەندییەدا بزانین.

هەڵبەت ئەگەر لەو جۆرە کەیسە ڕیزپەڕانەی سەرەوە بترازێ، وەکی دی توندوتیژیی جەستەیی –چ خۆبەخۆ و چ بەرامبەر ڕەگەزی دی-، ئەوەندەی لەناو پیاواندا باوە، بەهیچ شێوەیەک لەناو ژناندا باو نییە. بەڵام ئەم ڕاستییەش تەنیا تا ئەو جێیە مایەی دڵخۆشییە کە باس لە توندوتیژیی جەستەیی دەکرێ. کاتێک دێینە سەر باسی جۆرەکانی دیکەی توندوتیژی، وەک توندوتیژیی هێمایی، زارەکی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و تاد، ئیتر پشکی ژنانیش جێیەک بۆ دڵخۆشی ناهێڵێتەوە. لە توێژینەوەیەکی نووسەری ئەم دێڕانەدا، ژنانی لە هاوسەرجیابووەوەی کوردی دەرەوەی وڵات، سکاڵایان بوو لەدەست ناوزڕان، تەنگپێهەڵچنین و تەریککەوتن لەناو جڤاکی کوردیی تاراوگەدا. هەڵبەت گازندەی سەرەکیی ئەو ژنانە لە دەست بەدگۆیی بوو لەلایەن ژنانی دیکەی هاوجڤاکی خۆیانەوە کە لەگوێن ئەوان، دەبنە هۆی پێکهاتنی وێنایەکی ناشیرین لەوانەی لە هاوسەریان جیابوونەتەوە. ژنانی بەشداربووی ئەو توێژینەوەیە بە پێداگرییەکی سەرسوڕهێنەرەوە باسیان لە ئیرەیی و ''حەسادەتی ژنانە'' وەک سەبەبکاری ئەو دیاردەیە دەکرد.

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە دوو خاڵە، یەکەم ئەوەی کە ئەم دیاردەیە تەنیا پێوەندی بە کۆمەڵگەی کوردی یان کۆمەڵگە پەرەنەسەندووەکانەوە نییە و کۆمەڵگە مۆدێرنەکانیش دەگرێتەوە. دووەمیش ئەوەی کە، نەبوونی ''هاوپشتیی خوشکانە'' تەنیا پێوەندی بە چین و گرووپەکانی خوارەوە یان توێژی نەخوێندەوارەوە نییە بەڵکو توێژە بژاردەکانی ژنانیش دەگرێتەوە. لەڕاستیدا، لەو کۆمەڵگە مۆدێرنانەشدا کە یەکسانی تا ڕادەیەکی زۆر چەسپاوە، هێشتا ئەو وتەزایەی کە دەڵێ ''ژن گورگی ژنە''، دیاردەیەکی دیارە و زۆر لە ژنان (لە کەسانی ئاساییەوە بگرە تا کەسایەتییە پێگەدارەکانی کۆمەڵگا) لەوە بەگلەیین کە ژنان لە دۆخە هەستیارەکاندا هاوپشتی یەکتری نین و هیچ نەبێ لەو دۆخە یەکلاکەرەوانەدا کە پیاوان ''برادەرانە'' پارێزگاری لە باوەڕ و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی خۆیان دەکەن، ئەمان نەک هەر پشتی یەکتری ناگرن، بگرە هێندێ جار هەڵوێستی پشتشکێن، دژ بە یەکتری و لە بەرژەوەندیی پایەدارمانەوەی سیستمی زاڵی پیاوسالارانەدا دەگرنە بەر. با لێرەدا وتەیەکی خانمە دەروونناسی ناسراوی فینلاندی، پرۆفیسۆر (کێلتیکانگاس یارڤینێن) بگوازمەوە. ئەو دەڵێ: ''کێشەی نایەکسانی هەمیشە ئەوە نییە کە کۆمەڵگەی پیاوان زوڵم لە ژنان دەکەن، بەڵکو هێندێ جار باس لەوەیە کە ژنان خۆیان لە دۆخە یەکلاکەرەوەکاندا بەرێژەی پێویست پشتی یەک ناگرن''. پرۆفیسۆر (کێلتیکانگاس) کە ئاکادێمیسیەنێکی پایەبەرزی بواری کەسایەتیناسییە، لەدرێژەدا دەڵێ: ''من کە لە ئەزموونی لەمێژینەی خۆمەوە دەڕوانم، دەتوانم پڕ بەگۆڤاری بەسەرهاتی ڕاستەقینەی ناو دنیای زانکۆ و ناوەندە زانستییەکانتان بۆ بگێڕمەوە کە چۆن لە دۆخە هەستیار و یەکلاکەرەوەکاندا، ژنان پشتی خوشکانی خۆیان بەتەواوی بەتاڵ کردووە''.

(کێلتیکانگاس) بە توانجەوە دەڵێ: ''لەو کاتانەدا کە پیاوان بەشێوەی سیستەماتیک دەنگی خۆیان بە پیاوانی تر دەبەخشن، ژن ڕاست دەبێتەوە و دەڵێ: بۆ من ڕەگەز گرینگ نییە، گرینگترین شت بۆ من لێوەشاوەیی کەسەکەیە!''.

## ژنان لە مەتەرێزی پیاواندا

چەند ساڵێ بەر لە ئێستا، سەبارەت بە مژارێکی پێوەندیدار بە توندوتیژیی پیاوانە، لەگەڵ هاوڕێیەکی بەڕێزمدا کە خانمێکی فێمێنیستی ماندوویینەناسە، ناکۆکیم هەبوو. وا ڕێکەوت مژاری ناکۆکیمان لای کەسێکی سێهەم باس کرد کە ئەو کەسە خانمێکی ناودار و کارلێهاتووی بواری مافەکانی ژنانە. کەسی سێهەم لاگریی لە بۆچوونەکەی من کرد. دوای کۆبوونەوەکە لە هاوڕێ فێمێنیستەکەی خۆمم پرسی؛ ئێستا ڕات چییە؟! وەڵامەکەی ئاوێکی سارد بوو بەسەر شانوملمدا هاتەخوار. گوتی: ''جا خۆ هەر لە سەرەتاوە دیار بوو دڵی تێت چووە، بۆیە لە خۆوە پشتی بۆچوونەکەی تۆی گرت!''. ڕەنگە ئەم ئەزموونە خۆکەسییەی من بۆ گشتاندن نەبێت، بەڵام ئەی لەگەڵ ئەو وتەزایانەی خوارەوە چی بکەین کە هەر یەکەیان- بە ناو و بە نیشانەوە- وتەی ''دەردی دڵ''ی کۆمەڵێک لە ژنانی چالاکی بوارە کۆمەڵایەتییەکانە و نووسەری ئەم دێڕانە لای خۆی تۆماری کردوون:

''وتوویانە؛ بۆیە لە ناو پیاواندا جێی خۆی کردووەتەوە، چونکە بەدەمیانەوە پێدەکەنێ!''

''ئەڵێن؛ لەبەر خۆجوانکردنەکەیەتی لە ناو پیاواندا جێی بووەتەوە!''

''جوانە، ئەگینا کەی پیاوان حیساب بۆ قسەی شتی وا ئەکەن!''

''سووکە، ئەگینا ئاوا خۆی تێکەڵ بەو پیاوانە نەدەکرد!''

''خوا ئەزانێ چی ئەکا، وا لە ناو پیاوانا قسەی ئەڕوا!''

''بۆ ئەوەی پیاوان بەقسەی بکەن، ئەڵێن وەعدی شتی تر بە پیاوان ئەدا!''

''ئەڵێن لەگەڵ چەند بەرپرسێکا پێوەندیی ژێربەژێری هەیە بۆیە ئەوەندە دەستی ئەڕوا!''

ئاشکرایە، هەر یەک لەو وتەزایانە بەسە بۆ ستیگماتیزەکردن و شکاندنی کەسایەتیی مرۆڤێکی ژن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا. سێ شت لەو پەیڤانەی سەرەوەدا شیاوی سەرنجن: یەکەم، هەردوو لایەنی باسەکە لە ژنانی چالاکی ناو کۆمەڵگەن، دووەم، هەردوولایەن لە نزیکەوە یەکتر دەناسن، سێهەمیش نیگایەکی قورسی سێکسیستییە کە بەسەر ئەو تۆمەت و واتەواتانەدا زاڵە. ئەوەش بدرکێنم کە لەو وتانەی سەرەوە، دوویان وتەی کەسانی دانیشتووی دەرەوەی وڵاتن، ئەوانی تر وتەی خانمانێکی چالاکی دانیشتووی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. هەڵبەت ئەوەی منی هاندا لەم بارەیەوە بەدەنگی بەرز ڕابمێنم، نموونەیەکی تازەترە: ژنە شاعیرێکی ناسراوی هاوچەرخ، دوای ساڵانێ دووری، لەم ماوەیەدا گەڕایەوە باشووری کوردستان. دەرکەوتنەوەی ئەو ژنە شاعیرە و پێ نانەوەی بۆ ناو پانتایی گشتی، بوو بەهۆی ئەوەی کۆمەڵێک خانمە فێمێنیست لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەشێوەیەکی نائاسایی لێی بێنە دەنگ. ئەو شێوە دەملێکردنەوەیە وەک هەوڵدانێک دەهاتە بەرچاو بۆ دەمکوتکردن. وەک بڵێی بیانەوێ بە زەبری هێزی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو خانمە لە نێوان دوو بژارەدا سەرپشک بکەن: وردوخاشکران یاخود دەمداخستن و گەڕانەوە بۆ دەرەوەی پانتایی گشتی. بەوەدا کە ماوەی 10 ساڵ بوو کەیسی ژیانی تایبەتی ئەو خانمە شاعیرە- کەم تا زۆر- هەڵپەسێردرابوو، دەریدەخات کە گرفت لەگەڵ کەیسی ژیانی تایبەتی ڕابردووی ئەو ژنە شاعیرە نییە – ئەگینا لەو ماوەیەدا دەرفەت زۆر بوو بۆ وەردانەوەی ئەو باسە-، بەڵکو ''کێشە گەورەکە'' ئەوەیە کە ناوبراو پێی ناوەتەوە ناو پانتایی گشتی! لێرەدا دەراشۆ (واتە، ژنی بێحەیای زماندرێژ) لە پێوەندیی لەگەڵ پانتایی گشتیدا مانا پەیدا دەکا.

لەڕاستیدا، وەک دەبینین، لە هەموو ئەو کەیسانەی سەرەوەدا مۆرکی دەراشۆیی لەناوچاوانی ئەو ژنانە دەدرێ کە پێ دەنێنە ناو پانتایی گشتی و سەرەتاتکێ بۆ ناو ئەو هەرێمە قەدەغانەی ژیانی کۆمەڵگا دەکەن کە نێرسالاری بە ژنانی ڕەوا نابینێ. بەکارهێنانی ئەم مۆرکە چەکی هەمیشەیی پیاوسالاری بووە بۆ چەسپاندنی ئەخلاقیاتی باو. ئەوەی لێرەدا و لەم پێوەندییەدا من دەمەوێ وەک دیاردەیەک لێی بدوێم، تایبەتمەندییەکی سەیر و ترسناکە لەو حاڵەتە ئاماژەپێکراوانەی سەرەوەدا، ئەویش قەزاوەتی ئەخلاقیی چەواشەکارانەیە لە پێگەی ژنێکی وشیاری خاوەن پرێنسیپەوە. بەواتایەکی تر، ئەو کەسەی خەریکی ناوزڕاندن و شکاندنی ژنێکی ترە، دەیەوێ وا نیشان بدا کە ئەو لەوە تووڕەیە ژنی بەدگۆییلێکراو، وەک ئەو، خاوەن پرێنسیپ نییە. پرێنسیپەکەش چیە؟ ئەوەی کە ژن سەنگی خۆی لە بازاڕی پیاوسالاریدا بپارێزێ! بەواتایەکی تر، هێندێ ژنی فێمێنیست، بۆ ئەوەی بەهای ژن لە بازاڕی پیاوسالاریدا هەرزانفرۆش نەکرێ، دێن بۆ خۆیان ئەخلاقیاتی نێرسالارانە، ئەویش لە سێکسیستیترین شێوەی خۆیدا، بەرهەم دەهێننەوە. من ئەم هاودژییە ناو دەنێم ''فێمێنیسمی نامووسی''، هاودژییەک کە خۆی لە داوەرییەکی نالێبوردانە و دواجار تەنگپێهەڵچنینی ژنانی چالاک لەلایەن خودی خانمانی یەکسانیخوازەوە دەبینێتەوە. من لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم ئەم مژارە لە ڕێی بەکارهێنانی چەمکی ''فێمێنیسمی نامووسی''یەوە تاووتوێ بکەم. بۆیە چەمکی فێمێنیسمی نامووسی بەکاردەهێنم، چونکە ئەکتەرانی ئەم گەمەیە، لەلایەکەوە لە سەنگەری بەرگری لە یەکسانی و بەها فێمێنیستییەکانەوە خۆیان دەنوێنن، واتە باس لەوانەیە کە خۆیان بە بژاردەی بواری یەکسانیخوازی دەزانن و، لەلایەکی تریشەوە، جۆرێک مامەڵەی نامووسیانە لەگەڵ پرسی ژن دەکەن، کە وەک لە درێژەی ئەم وتارەدا ڕوونی دەکەمەوە، هیچ نییە بڕەودانێکی ژنانە نەبێ بە نێرسالاریی زاڵی نێو کۆمەڵگە.

## فێمێنیسم و تێڕوانینی نامووسی

ئەوەی لەم نووسینەدا من وەک فێمێنیسمی نامووسی لێی دەدوێم، ئاماژە بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە نەک هێڵێکی فکری. فێمێنیسمی نامووسی هێمای هەڵسوکەوتێکی نامووسیانەیە لەگەڵ ئەو بەهایانەی یەکسانیخوازانی کۆمەڵگەی ئێمە خەباتی بۆ دەکەن. ئەم تێڕوانینە نامووسیانەیە تایبەتمەندییەکە کە زۆرتر بە هەڵسوکەوتی بەشێک لە خانمانی چالاکی یەکسانیخوازەوە دەبینرێ. با پێش هەموو شتێ ئەوە ڕوون بکەمەوە کە مەبەستی من لە ''تێڕوانینی نامووسی'' لە پێوەندی لەگەڵ فێمێنیسم یان هەر ئیسم و ڕوانگەیەکی فکریی دیکەدا چییە. مەبەستی من لە ''تێڕوانینی نامووسی'' ئەوەیە کە مرۆڤ بۆچوونێک، باوەڕێک یان بەهایەکی دیاریکراو لە خۆی بەرزبکاتەوە بۆ بەرزترین ئاست و، بیکات بە هەوێن و مەحەکی نرخاندنی بوونایەتیی کۆی شتەکانی تر. زاتگەرایی و گشتاندن دوو تایبەتمەندیی بنچینەیی ئەم چەشنە تێڕوانینەن، تێڕوانینێک کە دەشێ لە زۆر لە کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا ڕەنگ بداتەوە. گرێدانەوەی تێڕوانینی نامووسی بە سێکسوالێتەوە تەنیا یەکێکە لە ڕەهەندەکانی ئەم جۆرە ڕوانینە، جا گریمان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زاڵترین ڕەهەندیشی بێت. لێرەوە، دەشێ ''شەرەفپارێزی''ی پیاوسالارانەی باوی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری تەنیا وەک یەکێک لە لێکەوتەکانی ''تێڕوانینی نامووسی'' بنرخێنین. سیاسەت پانتاییەکی دیکەی وازیکردنی ئەم جۆرە تێڕوانینەیە، یەکسانیخوازی پانتاییەکی تر..

لەم ڕوانگەیەوە، من پێموایە بەشێک لە خانمانی چالاکی بواری مافەکانی ژنانی ناو کۆمەڵگەی ئێمە، هێندێ جار مامەڵەی نامووسیانە لەگەڵ بیروباوەڕەکانی خۆیان دەکەن. یان وردتر بڵێم، مامەڵەیەکی ماکسیماڵ (لانیزۆری) لەگەڵ بەها فێمێنیستییەکانیان دەکەن، ئەویش نەک بۆ حاڵی ڕەگەزی بەرامبەر – وەک چۆن لە شەرەفپارێزیی نەریتیی کۆمەڵگەی ئێمەدا باوە- بەڵکو بۆ حاڵی هاوڕەگەزەکانی خۆیان. بەوەشەوە وێکچوونێکی زۆر لە نێوان ئەم جۆرە نامووسگەراییە فێمێنیستییانە و شەرەفپارێزیی نەریتیی ناو کۆمەڵگەی ئێمەدا بەدی دەکرێ: وەک چۆن مرۆڤی دەمارگرژی پیاوسالار پێیوایە شەرەف بۆ گفتوگۆ و مامەڵە لەسەرکردن نابێ، لای ئەم خانمە چالاکانەش پرێنسیپەکانی یەکسانیخوازی کارەکتەرێکی نامووسییان پێ دەبەخشرێ (واتە، بە تێڕوانینێکی نامووسییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ). وەک چۆن تەمەنێک ''ژیانی شەرافەتمەندانە'' ناکاتە پاساوی بچووکترین لادانی مرۆڤ لە کۆدەکانی شەرەف، بەهەمان شێوە فێمێنیسمی نامووسیش، تاکە لادانێک لە کۆدە نەنووسراوەکانی ڕەفتاری فێمێنیستانە دەکاتە مایەی زەربی سفرکردنی هەموو کەسایەتیی ژنی بەرغەزەبکەوتوو. لە کولتووری شەرەفپارێزی زاڵدا ژن دەبێتە مایەی شەرمەزاری (تەنانەت ئەگەر قوربانیی لاقەکردنیش بووبێت)، لە تێڕوانینی نامووسیی ئەم یەکسانیخوازانەشدا، ئەوەی جێی ڕەخنەیە کەسایەتییە نەک ئەو بەستێن و کۆنتێکستەی کەسایەتی تێیدا ڕۆڵێکی نەخوازراوی بەرکەوتووە. قوربانیی بەرغەزەبکەوتووی کولتووری شەرفپارێز، کەسێکە کە دەکەوێتە بازنەی خزمایەتی و پێوەندیی خوێنییەوە، شمشێری ڕقی فێمێنیسمی نامووسیش بۆ ئەوانە دادێتەوە کە زایەند پێکیانەوە کۆدەکاتەوە، واتە ژنان خۆیان. لەڕاستیدا، مامەڵەی فێمینیستە نامووسییەکان لەگەڵ ئەوانەی لە هێڵی وێناکراوی ئەوان لایانداوە، وەک مامەڵە لەگەڵ لادەرێکە، لادەرێکی خائین بە ژن و ژنایەتیی یەکسانیخواز.

فێمێنیستی نامووسی بە ڕواڵەت لە پێگەی یەکسانیخوازێکی کۆڵنەدەرەوە پارێزگارییەکی شێلگیرانە لە پرێنسیپە فێمێنیستییەکان دەکا، بەڵام لە کردەوەدا بە چەندین شێوەی زەق بەشداری لە بەرهەمهێنانەوەی پێوەندییە هەنووکەییە نابەرابەرەکانی دەسەڵاتی ناو کۆمەڵگەدا دەکاتەوە: لەلایەکەوە بەهۆی خۆئیفادەکردنییەوە بەهۆی هەمان ڕێتۆریک و ڕەوانبێژییەوە کە بەشێک لە کۆی دەزگای ئەخلاقیاتی باوکسالارانەی زاڵی ناو کۆمەڵگەیە ئەم، پێ بزانێ یا نا، خەریکی بەرهەمهێنانەوەی هەمان ئەخلاقیاتی زاڵە. دووەم، بە هۆی ڕەچاوکردنی ''ستراتیژی وردکردن''ەوە، کە وا دەخوازێ فۆکووسی بخاتە سەر بوونایەتی تاکێکی مێیینەی دیاریکراو، دواجار دەروازەیەکی نوێ بۆ پەلاماردان و ژێرپرسیارخستنی کەسایەتیی حەقیقیی کۆی ژنە پێشەنگەکانی ناو کۆمەڵگە، وەک ئەکتەرێکی کۆمەڵایەتیی جددی، دەکاتەوە (ئەمەش بەو هۆیەوە کە لە بری ڕەخنەگرتن لە بیرۆکە و باوەڕێکی دیارکراو، یان گەڕان بەدوای هۆکارە فرەجۆرەکانی ئەودیو ڕەفتاری کەسی ڕەخنەلێگیراو، هەموو وزەی وێرانکەری دەخاتە سەر شکاندنی کەسایەتیی ڕەخنەلێگیراو). دواجاریش هەر بەهۆی ئەم ستراتیژی کەسایەتیشکێنانەی هەڵسوکەوتەوە، دەبێتە هۆی ڕووشاندنی سیمای گوتاری فێمێنیستیی باوی ناو کۆمەڵگە و لە□وێوە، بەرهەمهێنانەوەی ڕەوایەتی بۆ گوتاری زاڵی پیاوسالارانە. لەڕاستیدا، بەپێچەوانەی ئەو پرێنسیپە ڕۆمییەی کە دەڵێ ''پەرت کە و زاڵ بە''، ئەنجامی بەکردەوەی دیاردەی فێمێنیسمی نامووسی بریتی دەبێ لە ''خۆ پەرت کە، با ئەویدی زاڵ بێ''!

## فێمێنیسمی نامووسی و ئەخلاقیاتێکی دووفاقە

هەڵبەت کێشەی فێمێنیسمی نامووسی تەنیا لەوەدا نییە کە مامەڵەیەکی زاتخوازانە لەگەڵ چەمک و بنەما ئایدیۆلۆژییەکان دەکا. فێمێنیسمی ڕادیکاڵیش خاوەن ڕوانگەیەکی زاتگەرایانەی بەهێزە، بگرە فێمێنیسمی ڕادیکاڵ باسکی وای تیایە کە بەجارێ ئەگەری ڕێتێچوونی پێکەوەژیانی یەکسانانەی ژن و پیاو دەبەنە ژێر پرسیار و خوازیاری دوورەپەرێزیکردنی یەکجارین لە پیاوان. ڕەنگە فێمێنیستە نامووسییەکان بەم ڕێژەیە ڕادیکاڵ نەبن، بەوەشەوە، ئەوانیش ''سیستەمی پیاوسالاری'' وەک چاوگی نابەرابەری و ئامیانی ئەو پێوەندییانەی سوڵتە دەزانن کە دواجار چەوسانەوەی ژنانی لێ دەکەوێتەوە. جیاوازییەکی بنچینەیی نێوان فێمێنیسمی نامووسی و فێمێنیسمی ڕادیکاڵ ئەوەیە کە هەرچەند فێمێنیسمی نامووسیش باس لە سیستەمی دەسەڵات و پێوەندییە ئاڵۆزەکانی ناو کۆمەڵگە لەسەر بنەمای پێشگریمانەی دەسەڵاتدارێتیی پیاو دەکات، بەڵام لە کردەوەدا فێمێنیستە نامووسییەکان نەک هەر وشیاری و وریاییان بەرامبەر بە ئۆینەکانی ئەو سیستەمە ئاڵۆزەی دەسەڵاتی پیاوانە تێدا بەدی ناکرێ، بەڵکو بە ئاسانی دەکەونە خزمەتی ئایدۆلۆژیا و بگرە بەرژەوەندییە مەیدانییەکانی هەمان سیستەمی پیاوسالار کە خۆیان ڕەخنەی لێ دەگرن. ئەمەش کەتنێکە کە تەنیا مامەڵەی نامووسیانە لەگەڵ بەهاکان، بەو بوونەوەرە فێمێنیستانەی ئێمەی دەکا.

هەڵبەت وەک چۆن ڕەفتاری نامووسیانە (بۆ وێنە ئەوەی شەرەفپارێزیی پێدەڵێن) بەزۆری هەڵگری دووفاقییەکی ئەخلاقییە، فێمێنیسمی نامووسیش سەرەڕای ئەو زاتگەراییە توندئاژۆیانەی، ناتوانێ لەو جووتفاقەییە ئەخلاقییە دەرباز ببێت. با ئەم خاڵە گرینگە ڕوونتر شی بکەمەوە: ئەخلاقیاتی نێرسالارانەی نامووسگەرا پشت بەو جووتفاقەییە دەبەستێ کە بە ڕواڵەت جاڕی یۆنیڤێرساڵبوون و گشتگیربوونی بەها و نۆڕمە ئەخلاقییەکان دەدا، کەچی لە کردەوەدا ئەوە تەنیا ژنانن کە دەبێ تەبا لەگەڵ ئەو بەها و نۆڕمە گشتگیرانە ڕەفتار بکەن، هەر بۆیە بچووکترین پەڵەی ژیانی ژنێک دەکرێ بە بەڵگەی ژێرپرسیارخستنی تەواوی کەرامەت و کەسایەتی و کارنامەی ژیانی ئەو. لەبەرامبەردا، ڕێکەوتنێکی نەنووسراوی پیاوانە هەیە کە عەیبەی پیاو دەکاتە شتێکی ڕێژەیی، هەر بۆیە لادانەکانی پیاو سەرنج ڕاناکێشێ و بە ئاسانی بێدەنگی لێ دەکرێ. ئەوەی کە عەیبەی پیاو نابینرێ بەڵام چاوەڕوانیی ئەوە دەکرێ کە ژنەکان و بەتایبەتی چالاکانی بواری مافەکانی ژنان فریشتەی بێ عەیب بن، ڕێک ئەو دۆخەیە کە فێمێنیسمی نامووسی دەکاتە چۆغەسووری بەر لەشکری سیستەمی چەوسێنەری نێرسالار، چونکە موتڵەقگەرایی فێمێنیسمی نامووسیش تەنیا بۆ کوتانەوەی سەر و دەمکوتکردنی ژنە نەخوازراوەکانە. لەڕاستیدا فێمێنیسمی نامووسی بەرهەمی جۆرێکی تر لە دەروونیکردنی ئەو ئینزباتە ئەخلاقییەیە کە نێرسالاریی زاڵ سەپاندوویەتی. لێرەوەیە کە فێمێنیسمی نامووسی دەبێت بە دەسکەلای بەرهەمهێنانەوەی هێژمۆنیی پیاوسالارانەی زاڵی ناو کۆمەڵگە. واتە لە جیاتی ئەوەی لەبەرامبەر نامووسگەرایی جووتفاقەی نێرسالارانەی زاڵدا، بەدیلی خۆی لەسەر بنەمای ڕێژەییخوازییەکی ئەخلاقی پێناسە بکا، لەڕێی مامەڵەیەکی موتڵەقگەرایانەی بێبەزەییانە [illegible]ەوە لە گەڵ ژنان خۆیان، دیسان دەکەوێتەوە داوی ڕەوایەتیدانەوە بە گوتاری هەمان نێرسالاریی زاڵ و، دەبێتە تەواوکەری نەخشەڕێکەی.

## وتەی کۆتایی

نەبوونی هاوپشتیی خوشکانە لە نێوان ژناندا و لەویش واوەتر، بەشداریی ژنان لە پرۆسەی چەوساندنەوەی ڕەگەزیدا، دیاردەیەکی ئاڵۆزترە لەوەی کە لە ژێر سێبەری قورسی توندوتیژیی پیاوانەدا پەردەپۆش بکرێ. ڕەفتاری نالەباری ژنان لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیان، دیاردەیەکی فرەفاکتەرە و ڕەهەندی فرەلایەنی هەیە. بەشێ لە ژنان پێیانوایە باسکردن لەم دیاردەیە قەدری خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنان دەهێنێتەخوار و نەیارانی خەباتی یەکسانیخوازانە پێی دڵخۆش دەبن. هەڵبەت خۆبواردنیش لەم باسە، ئاوەکەی هەر دەچێتەوە ناو ئاشی سیستەمی زاڵەوە. بەبڕوای من سروشتی ڕزگاریخوازانەی فێمێنیسم وا دەخوازێ کە چالاکانی ژن، بوێرانە و لێبڕاوانە، شانبەشانی ڕەخنەگرتن لە توندوتیژیی پیاوانە بەرامبەر بە ژنان، کار بۆ وەردانەوەی خەسارناسانەی ئەو ستەمە شاراوەیەش بکەن کە ژنان خۆیان لە یەکتریی دەکەن. فێمێنیسمی نامووسی لەو مژارە گرینگانەیە کە دەبێ لەم پێوەندییەدا بدرێتە بەر نەشتەری ڕەخنە. لە زۆر لە وڵاتانی پێشکەوتوو، باس لە ''پلەی سفری لێبوردەیی'' (zero tolerance) بەرامبەر توندوتیژیی پیاوان دژی ژنان دەکرێ. دەبێ دیاردەی پیاوان بەیەکترخۆشکردن، سووکایەتیی سێکسیستیانە و شکاندنی کەسایەتیی ژنانی چالاک لە لایەن هاوڕەگەزەکانی خۆشیانەوە ، ''پلەی سفری لێبوردەیی'' بەرامبەر پەیڕەو بکرێت. هاوپشتیی خوشکانە، بەبێ کولتوورسازییەکی شێلگیرانە و ''خەباتێکی ناوخۆیی درێژخایەن'' لە لایان ژنان خۆیانەوە، هەرگیز نایەتەدی.


ڕێبوار کەریمی